بەچی بلاک ەک، جەی پی مۆرگان و گۆدمان لە کاتی شۆی بازرگانی ترەمپدا 1.4 تریلۆن دۆلاریان گواستەوە بە چین؟

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: نەوزاد مدحەت (گۆران عەبدوڵا)

لە ساڵانی ٢٠١٨ بۆ ٢٠٢٠، جەنگی بازرگانی ترەمپ لەگەڵ چین گەشتە ترۆپکی خۆی. دانانی باج لەسەر سەدان ملیار دۆلار کاڵای چینی. سەردێڕی میدیاکان هاواری ڕاوەستانەوەیان دەکرد بەووی پێکینگ دا. هەردوو پارتەکە بە تۆندی وتاریان دەدا دەربارەی گەندەڵی کارەکان بە ناو ئەمریکا. هەموو دامەزراوە سیاسییەکان یەکگرتوو بوون لە وتنی: "ئەمە لە کۆتاییدا دەجەنگین دژی چین." لە هەمان ئەو ساڵانەدا، بانکی ەک، جەی پی مۆرگان، گۆدمان ساکس، و باقی وال ستریت بە نهێنی ١.٤ تریلیۆن دۆلاریان گواستەوە بە بازاڕەکانی چین. نەک ١٠٥ ملیار، ١.٤ تریلیۆن کە ساڵی ٢٠٢٠ لە لووتکەی جەنگی بازرگانیدا بوون.

ئێستا، لەوانەیە پێت وابێت ئەمە هەڵەیەک بووە یان کاتێکی خراپ. لەوانەیە وال ستریت غافڵگیر بووبێت بە سیاستەکان، ڕاست یان هەڵە ئەمە پێشبینیکراوترین جووڵە بوو لە مێژووی دارایی نوێدا. چونکە شۆوازێک هەیە، شۆوازێک کە زیاتر لە ٣٠٠ ساڵە دووبارە دەبێتەوە. نەخشێک ئەوەندە جەی متمانەیە، ئەوەندە وردە لەووی بیرکارییەوە کە کاتێک دەیبینیت، تێواوی چیرۆکی ئەوەی کە لە ئێستادا بەسەر دەسەڵاتی ئابووری ئەمریکادا دێت، وەک بلووری ڕوون دەبێتەوە.

ئەمە لە قەناغی سێیەمداین لە چوار قەناغ. سیستەمی دارایی جیهانی هەڵەمەکی و بەسەرەوبەرنییە. بە شێوەیەکی میکانیکی بە چوار قەناغ کار دەکات کە هەموو دراوێکی یەدەگی لە مێژووی تەمارکراودا وێران کردووە.
قەناغی یەکەم، ئلیتی دارایی مانەپێی چاپکردنی پارە دەکات لە ڕەگەی بانکی ناوەندییەوە.
قەناغی دووەم، ئەم مانەپالییە بکار دەهێنن بە دانی قەرز بە دەوڵەت. هەموو شتێک باش دەردەکەوێت. ئابووری گەشە دەکات،

ئیمپراتۆریەت گەورە دەبێت. هەموو کەس پێی وایە کۆمجارە لە کۆشکە گەشتوون کە چۆن چارەسەر دەکرێت.
قەناغی سێیەم، سیستەمەکە زۆر درێژ دەبێتەوە. دراو دەست دەکات بە لەدەستدانی بەها. حکومەت کێشەی لەدەستدات، درزەکان گەورەتر دەردەکەون.
قەناغی چوارەم: ئەم بۆشکی گرنگە، هەموو ئەو کەسانەی ئەم سیستەمەیان دامەزراند پارەکەیان دەگوازنەوە بۆ هەزکی نوێی تازە گۆشکردوو پێش ئەوەی ووخانەکە ئاشکرا بێت بۆ هەموو کەس. دانیشتووانی وڵاتیش لەگەڵ کاغەزە بێنرخەکاندا لە ماڵەکانی خۆیاندا دەمێننەوە.

ئەمەمان لە بەریتانیا، ئەڵمانیا و ئەمریکا بینیوە دوای ١٩٧١ و ئێستاش وا ووە دەدات.
کاتێک وال ستریت پارە دەژێنێتە چین، لە هەمان کاتدا واشنتن شانەی تووندبونەوە لەگەڵ پەکین نمایش دەکات.
کاتێک بەریتانیا لە جەنگدا بوو لەگەڵ فەڕانسا، پارەی تەواو ببوو. پیاوێک بە ناوی ویلیام پاترسۆن- William Patterson- چارەسەرێکی زیرەکانە دەهێنێتە پێش. دروستکردنی بانکی ئینگلتەرا. ڕێککەوتنێک وایە بانکەکە ١.٢ ملیۆن پاوەند قەرز دەداتە حکومەت بە ڕێژەی ٨٪ سوود. بەڵام زیرەکی ئەوە نییە چۆن کار دەکات. حکومەت قەرز دروست دەکات. بانکەکە ئەو قەرزە دەگۆڕێت بە پارە کە لە ئابووریدا دەسوڕێتەوە و بۆشداربووانی دەوڵەمەند لە بانکەکە، قازانجکانیان کەدەکەنەوە لەسەر هەموو دابینکردنی پارەی نەوەکە. قەناغی یەکەم تەواو بوو.

لە ماوەی چوار ساڵدا، قەرزی نەتەوەیی بەریتانیا لە 1.2 ملیۆن بە 16 ملیۆن چووەسەر. تا ساڵی ١٨١٥، دوای دارایکردنی جەنگکانی ناپلیۆن بە ڕێگەی چاپکردنی پارەی بەردەوام پشتگیریکراو بە قەرزی حکومەت، قەرزەکە دەگاتە 885 ملیۆن. قەرزدەرەکان نەک تەنها قازانجیان کرد، بەڵکو خاوەندارێتی لەحکومەتی بەریتانیش دەکەن.
قەناغی دووەم دەست پێ دەکات، بەریتانیا دەستبەجێ گەورەترین هەزی دەریایی جیهان دروست دەکات، نیوەی جیهان کۆلۆنی دەکات. پاوەند دەبێتە دراوی یەدەگی جیهانی. بازرگانی نێودەوڵەتی بە پاوەندی بەریتانی کار دەکات. حکومەتێ بیانییەکان پاوەند وەک یەدەگ دەگرن. هەموو شتێک وەک ئەوەیە ئانووستێت. بەریتانیا لە لووتکەی جیهاندایە.

بەڵام ئەوەی زۆر کەس نەیزانن ئەوەیە کە لە نیوەی ١٨٠٠کان،

درزەکان دەردەکەوێ. بەرهەمهێنانی پیشەسازی بەریتانی لە لووتکەی خۆیدا دەست دەکات بە دابەزین بەرامبەر بە ئەمانیا و ئەمریکا. تەچووی پاراستنی ئیمپراتۆرییەتی جیهانی زۆر زیاتر بوو لەوەی بەریتانیا بتوانێت بیپارێزێت. قەرزەکان زیاتردەبن. لەرەدا شتەکان سەرنجڕاکێش دەبن. هەمان دامەزراوە دارایییەکان کە سیستەمی بەریتانیایان دروست کردبوو دەست دەکەن بە گواستنەوەی پارەکانیان بۆ ئەمریکا. سەرمایەی بەریتانی دەڕژێتە بوارە جیاوازەکانی پیشەسازی ئەمریکاوە وەکوو: ڕێگەی ئاسنین، پۆلا و چێندین پیشەسازی تر. هەتشیلدەکان- Rothschilds- سەرمایەیەکی زۆر دەخەنە خزمەت گۆشەکردنی پیشەسازی ئەمریکاوە. کاتێک بەریتانیا لە١٩٣١بە فەرمی واز لە ستانداردی زێڕ دەهێنێت، کاتێک پاوەند ووخا وەک دراوی یەدەگ، دروستکەرەکان پێشتر هەمان سیستەمیان لە نیویۆرک دروست کردبووەوە. پارەکەیان گواستبووەوە پێش ووخانەکە.
قەناغی چوارەم بە تەواوی جێبەجێ کرا.

نمونەی دووەم
دوای جەنگی جیهانی یەکەم پەیمانی قێرسای ئەمانیای بە ١٣٢ ملیار مارکی زێڕ قەرزاربارکرد بە هۆزی هاوپەیمانان. حکومەتی ڤایمار- Vhimar- ووبەووی دوو بژاردە دەبێتەوە. باجەکان بەرز بکاتەوە بۆ پارەدان یان پارە چاپ بکات. ئەوان چاپخانە هەڵدەبژێرن. بانکی ڕایخ، بانکی ناوەندی ئەمانیا، دەست دەکات بە دراویکردنی قەرزی حکومەت، پارەدانی کرێکارە مانگرتووەکان، دارایێکردنی بەرنامە کۆمەڵایەتییەکان، پاراستنی هاوپەیمانی سیاسی. کاتێک فەڕەنسا و بەلجیکا لە کانوونی دووەمی ١٩٢٣ ناوچەی ڕوهر-RUHR-ی پیشەسازی داگیر دەکەن بۆ گرتنی خەڵوز و زەرکردن بە پارەدان، وەڵامی ئەمانیا، پارەدان بوو بە کرێکارەکانی ووهەر بۆ مانگرتن. پارەدانیان بە پارەی چاپکراو. چاپکردنی پارە بە شێوەیەکی سەیر زیاد دەبێت.
ئایاری ١٩٢٣، 8.6 ملیار مارک. حوزەیران، 17 ملیار. ئاب، 669 ملیار. تشرینی دووەم 400 کوینتیلیۆن. تا تشرینی دووەمی ١٩٢٣، یەک دۆلاری ئەمریکی 4.2 تریلیۆن مارکی ئەمانی دەکڕێت. عەربانەیەک پارە ڕۆژنامەیەک ناکڕێت. کرێکارەکان بە کاتژمێر پارە وەردەگرن چونکە مووچەکەیان لە کاتایی شیفتەکەیان بەنرخ دەبێت. نرخەکان لە ماوەی کاتژمێرەکانی کارکردندا سەردەکەون. چینی ناوەڕاست تەواو دەسەدرێتەوە. پاشەکەوتەکان لە شەوێکدا دەبن بە هەڵم.

ڕودۆلف هاڤێنشتاین- Rudolph Havenstein -، سەرۆکی بانکی ڕایخ، بە

ئەنقەست دراوی بیانی بە مارک دەکەی بە هەر نرخێک بووایە بە بە گوێدانە هەڵاوسان. حکومەتەکە دەیوت ئەمە پێویستە بۆ پارەدانی تاوانبارکردنەکان. هاوڕکارە بریتانی و فەڕانسییەکان دەیانووت ئەمە وێرانکردنکەی ئەنقەستییە بە دراو. تەمارکانی دواتر پشتڕاستیان کردەوە. هەڵاوسانی زۆر سوودبەخش بوو. . قەرزەکانی شەڕی ناوخۆی نەهێشت. چینی ناوەڕاستی سیاسی نوێستراوی وێران کرد. کاتێک قەیرانەکە بەلووتکەی خۆی گەیشت، کاتێک ئەڵمانیا مارکی کرێی- Rentenmark لە تشرینی دووەمی ١٩٢٣ داهێنا بۆ ڕاگرتنی ئاو داچەڵانە دراوییە، چارسەرەکە پێویستی بە قەرزەکانی ئەمریکی هەبوو.

پلانی داوەس- Dawes- لە ١٩٢٤ وال ستریتی هێنایە ئەڵمانیا بە ڕێکخستنەوەی هەموو شتێک. پارەی ئەمریکی لە کۆتایی ١٩٢٠کاندا ڕۆیە ئەڵمانیاوە. بانکە ئەمریکی و کۆمپانیاکان پێشوازییەکی بەوننیان لێکرا. کاتێک دووەم ئاو سیستەم لە سەرەتای ١٩٣٠کان ڕووخا، کە مەرجەکانی دروست کرد بۆ هێنانە سەرکاری نازییەکان.
هەمان دامەزراوە دارایی ئەمریکییەکان پێشتر ئامادە بوون بە قەناغی داهاتوو. هەمان شێواز، سەدەی جیاواز. بانکی ناوەندی قەرز دەدات بە حکومەت. سیستەم بە هەڵاوسان گێشە دەکات، بەهای دراو هاڵدەکات، سەرمایەی بیانی لە قەیراندا ڕێک دەخاتەوە، پاشان دەرچوون پێش کارەساتی سیاسی.

نمونەی سێیەم، ئاوەی سیستەمی ئەمڕۆی دروست کرد. لە کۆنفرانسی برێتۆن وودز، نیو هامپشایر. نوێنەرانی ٤٤ نەتەوە سیستەمکی نوێی پارەیی دروست دەکەن. دۆلاری ئەمریکی بە زێڕ پشتوەر دەکرێت بە ٣٥ دۆلار بە ئۆنسک. هەموو دراوی تر بە دۆلار پشتوەر دەکرێت. بانکە ناوەندییە بیانییەکان دەتوانن دۆلارەکانیان بگۆڕنەوە بە زێڕی ڕاستەقینە بۆ ڕێژە جۆگیرە. دۆلار دەبێتە دراوی یەدەگی جیهانی پشتگیرکراو بە گەورەترین یەدەگی زێڕ لە مەژوودا لە فۆرت نۆکس- Fort Knox-. بە دوو دەیە، کار دەکات.
ئەورووپا و ژاپۆن دووبارە دروست دەبنەوە. دۆلار لە جیهاندا دەسوتێتەوە. سەرکردایەتی ئابووری ئەمریکی تێواوە. بەڵام دووەم ئەمریکا دەست دەکات بە بەکارهێنانی توانای چاپکردنی دراوی یەدەگ بە دارایکردنی جەنگی ڤێتنام. بەرنامەکانی کۆمەڵگای گەورە، دروستکردنی سەربازی لە جەنگی سارد، هەمووی بە بە بەرزکردنەوەی باجەکان. بانکی فیدراڵی دابینکردنی پارە گێشە دەکات. ڕێژەی سوو نزم دەمێنێتەوە. ئابووری بەردەوام گێشە دەکات. دۆلار دەڕێژێتە

بانکە ناوندییە بیانییەکانەوە، ئەمریکا توانا بازرگانکانی گەورەتر و گەورەتر دەکات.

تا ١٩٧١، زەر زیاتر دەلار لە سوەدایە لەوەی ئەمریکا زەی هەیە بە پشتگیریکردنیان. فەرەنسا دەبینەت چی ەوو دەدات. لە سەردەمی سەرەک شارل دەگەل- Charles de Gaul -، دەست دەکەن بە داواکردنی زەە بە دەلارەکانیان. لە ئابی ١٩٧١، سەرەک جەرج پەمپیدو- George Pompidou- کەشتی جەنگیەک دەنەرەت بە نیویەرک بە کەکردنەوەی زەی فەرەنسی. سویسرا لە ٩ی ئاب سیستەمکە جەدەهەەت. لە ١١ی ئاب، بەریتانیا داوای ٣ ملیار دەلار زەە دەکات کە لە فەرت نەکس بگوازرێتەوە بە نیویەرک. پەە ڤەلکەر- Paul Vulkar -، ئەو کاتە جەگری وەزیری گەنجینەی دەبەت، دواتر وتی کاتێک بەریتانیا، ئەو وەاتەی کە سیستەمکەی لەگەە ئەمریکا دامەزراند و جەنگی کرد بە پاراستنی دراوەکەی خەی، دەستی کرد بە بردنی زەە بە دەلارەکان، هەموو کەس زانیتی کەتایی هاتووە. تا ١٥ی ئاب، تەنها ١٠,٠٠٠ تەن مەتریک زەە لە یەدەگەکانی ئەمریکادا مایەوە.
١٥ی ئابی ١٩٧١، شەوی یەکشەممە، نیکسەن دەتەسەر تەلەفزیەن و ادەگەیەنێت ئەمریکا بە شەویەکی کاتی گەینەوەی دەلار بە زەە ادەگرەت. پەنجەرەی زەە دادەخرەت. ئەو ەەکارە کاتییە تا ئەمەش بەردەوامە. سیستەمی برەتەن وودز- Brettonwood -ەووخا. تا ئازاری ١٩٧٣جیهان گواستیەوە بە بازاڕی نرخی ئاەوگەی گەاو واتە بەهاکەی بەپەی دابینکردن و داواکاری بازاڕی ئاەوگەی دراوی بیانی دیاری دەکرەت، دەلار دەبەتە دراوی تەواو کاغەزی، هەزی پشتی هیچ نییە جگە لە بەەنی حکومەت و هەزی سەربازی ئەمریکی لە بازاەکانی نەوتی جیهانی.

لەو ەەژەوە، دەلار زیاتر لە ٩٨٪ی نرخی لەدەست دا بەرامبەر زەە. لە ١٩٧١، زەە ٣٥ دەلار بوو بە ئەنسەک. ئەمەە، زیاتر لە ٣,٠٠٠ دەلارە. هەمان شەواز، درەژەدان بە سیستەم، لەدەستدانی دیسیپلینی پارەیی، بەنرخکردنی بەهای دراو.

ئەستا بەراوردی بکە بەم دەخەی ئەستا ەوو دەدات. ٦ی تەممووزی ٢٠١٨، ترەمپ یەکەم باجەکان دادەنێت لەسەر کاەای چینی. ٣٤ ملیار دەلار. جەنگی بازرگانی بە فەرمی دەست پێ دەکات. ئەمریکا لە کەتایدا ەووبەووی چین دەبەتەوە، هاوسەنگی بازرگانی دەکاتەوە، بەرهەمهەنان دەگەەنێتەوە. هەردوو پارت پشتیوانی دەکەن. دامەزراوەکە یەکگرتووە. بەەام ٦ی تەممووزی ٢٠١٨ بە هەکارەکی تر گرنگە. تەنها یەک مانگ دوای ١ی حوزەیرانی ٢٠١٨، ئەو ەەژەی کە

کەمپانیای MSCI کە کەنترۆڵی پێوەرەکانی وەبەرهێنانی جیهانی دەکات، بڕیاری دەستیکردووە بە خستنەووی کەمپانیای AShares ی چینی لە پێوەرەکانی بازاڕە تازەپێگەیشتووەکانیدا. بیر لەوە بکەرەوە کە ئەمە مانای چییە، کاتێک MSCI بازاڕێک لە پێوەرەکانیدا دەخاتە ووە، ئەو وەبەرهێنەرە دامەزراوەییانەی کە بەدواداچوون بۆ ئەو پێوەرانە دەکەن، دەبێت پارە بخەنە ناو ئەو بازاڕەوە.. سندووقەکانی خانەنشینی، سەرمایە سیادەکانی دەوڵەت، سەرمایە پێ بەخشکراوەکانی زانکۆکان، کەمپانیاکانی بیمە، تریلیۆنەها دۆلار تەنها بەو ڕادەوە دەڕۆن. کشی چین بە پێوەری بازاڕە نوێکانی MSCI لە نزیکەی سفرەوە گەیشتە ٤٣٪ تا تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠. لە هەمان ماوەی ٢٠١٨ بە ٢٠٢٠، وەبەرهێنانی خەزێنەی ئەمریکی لە چین گەیشتە ١.٤ تریلیۆن.
بۆ یەک کارەکانی چینی گۆشە پێدا لەم ماوەیەدا. جێی پی مۆرگان پێسەندی وەرگرت بۆ خاوەندارێتی کاری زۆرتر لە چین. گەدمان ساکس بڕی خۆی لە هاوبەشی چینی زیاد کرد. ئەمانە لە ئاکامی کاری هەڵەوە نین. ئەمانە هەمان دامەزراوەی دامەزراوەیین کە لە بەریتانیا، لە ئەڵمانیا، لە ئەمریکای دوای جەنگ کارایان کرد و ئێستا قەناغی ٤ جێبەجێ دەکەن.

با بەکسەکان بپشکنین. قەرزی نەتەوەیی ئەمریکا ٣٦ تریلیۆن، زۆڕی قەرز بە GDP ٩٨٪. بیلانسی بانکی فیدرالی لە ژێر ١ تریلیۆن بوو لە ٢٠٠٨. لە کۆفید تەقەتوە بە ٩ تریلیۆن. هێشتا زیاتر لە ٧ تریلیۆن ئەمێ. هەمان میکانیزم وەک هەمیشە. بانکی ناوەندی قەرزی حکومەت دراو دەکات. حکومەت زۆر زیاتر خەرج دەکات لەوەی باجەکان دەتوانن دابینی بکەن. دابینکردنی دراو زۆر زیاتر گۆشە دەکات لە توانای بەرهەمهێنەری ئابووری، دامەزراوە دارایییەکان کە ئەم پرسەیە بەڕێوە دەبەن دەست دەکەن بە گواستنەوەی سەرمایە بە ناوەندی هێزی داهاتوو.

قەناغی یەکەم، یەدەگی فیدرالی لە ساڵی ١٩١٣ دامەزرا، قەرخکاری لەسەر دروستکردنی پارە.
قەناغی دووەم، دەیەها ساڵ دراویکردنی قەرز، دارایییکردنی جەنگەکان و بەرنامە جیهانگیرەکان. قەناغی سێیەم، هەڵئاوسانی سیستەمی مالی بە زۆڕی ٩٨٪ی لەکەی بەرهەمی ناوخۆیی و شەوانی بەهای دراو.
قەناغی چوارەم، دامەزراوە دارایییەکان سەرمایە دەگوازنەوە بۆ چین لە کاتێکدا واشنگتۆن شانە دەکات.
ئەمە ئێستا لێم قەناغدایە.

ئەم شەوازە گەورە بە هەڵبژاردنە سیاسییەکانت نادات. گەورە بوونە نادات کە باوەڕت بە ئەمریکییەتی نا ئاسایی هەیە یان نا. گەورە لە تەکنەلۆژیا گۆڕکاردنمان یان تیۆری پارێزی نوێ یان هەر چوارچێوەیەکی زیرەکانەی تر نادات کە بە ووردنوونەوەی ئەم جارە جیاوازە دروست کراوە.
ئەم جارە جیاواز نییە، میکانیزمەکە ماتماتیکییە. کاتێک سیستەمێکی دارایی لەسەر دروستکردنی قەرز دامەزراوە، کاتێک ئەو دامەزراوەیەی پارە دروست دەکات جیاوازە، بەڵام پێویستە بە باج کۆکردنەوە. کاتێک سیستەمەکە گۆشە دەکات لە دەرەوەی توانای بەرهەمهێنەر، دراو بەنرخ دەبێت. کاتێک دراوەکەی بەنرخ دەبێت دراوی یەدەگی جیهانییە، دروستکەرەکانی ئەو سیستەمە سەرمایەکیان دەگوازنەوە پێش تەواوبوونی ووخانەکە.

ئەوەی کەسەکان لەدەستی دەدەن ئەوەیە کە جەنگی بازرگانی شانە بوو بە شکستهێنان دروست کرابوو، یان وردتر بڵێین بە ئەوە دروست کرابوو کە وەک ئەوە دەربکەوێت ئەمریکا بەرگە دەگرێت لە کاتێکدا یەکگرتنی دارایی ئاستەقینە خراتر دەبێت. ناتوانیت بە باجەکان جەنگ لەگەڵ چین بکەیت لە کاتێکدا گەورەترین دامەزراوە دارایییەکانت پارە دەگوازنەوە بە بازاڕەکانی چین. ناتوانیت بەرهەمهێنان بگەڕێنیتەوە ماڵەوە لە کاتێکدا دابینکەرەکانی ئیندەکس کە دابەشکردنی سەرمایەی دامەزراوە کۆنتڕۆڵ دەکەن کەشی چین لە جانتا جیهانییەکان زیاد دەکەن.
ناتوانیت هەژموونی دۆلار بپارێزیت لەکاتێکدا کورتهێنانی تریلیۆن دۆلار بەرەوڕووبوونەوەیت کە لایەن چاپکردنی پارەی بانکی ناوەندییەوە دارایی دەکرێت. دژایەتییەکە هەوداوەک نییە. میکانیزمەکەیە. دانیشتوانی بەریتانیا لە ساڵی ١٨٨٠ تێنەگەیشتن کە پایتەختەکەیان خەریکی بنیاتنانی ئەمریکایە. دانیشتوانی ئەڵمانیا لە ساڵی ١٩٢٩ لەوە تێنەگەیشتن کە بانکە ئەمریکییەکان خولی هەڵاوسانی زەریان ئاسان کردووە. ئێستا دانیشتوانی ئەمریکا لەوە تێناگەن کە وەک ستریت ژەرخانی دارایی چین بنیات دەنێت لە کاتێکدا واشنتۆن بەرخۆدان ئەنجام دەدات. بەڵام شەوازەکە پێویستی بە تێگەیشتنی تە نییە. تەنها جەبەخانەکات.

کەواتە چی لەم زانیارانە دەکەیت؟ تەدەگەیت کە ماشێنەکە لە جووڵەی خەیدایە. تەدەگەیت ئەو کاتەی ئەمە ئاشکرا دەبێت بە ئای گشتی، هەموو پرسەکە جگیربووە. تەدەگەیت کە سیستەمی ئێستا، دۆلار وەک دراوی یەدەگ، سەرکردایەتی دارایی ئەمریکی، هێکەوتنی دوای برێتۆن

وودز، هەمیشەیی نییە. قەناغی سێیەم لە شەوازەکی چوار قەناغی و قەناغی چوارەم ئەستا جێبەجێ دەکرێت. خەت بەپێی ئەوە نەک دەخرێت. تەدەگەیت کە گرتنی سامان بە دراوی بێنرخ هەڵبژاردنەکە بەشداربوون لە میکانیزمی گواستنەوەکە. تەدەگەیت کە هەڵاوسان کاتی نییە، گواستنەوە نییە، ئەنجامی کەمی زنجیرەی دابینکردن نییە. ئەنجامی پێشبینیکراوی گۆشەی پارەیی لە دەرەوەی گۆشەی بەرهەمهێنەرە. تەدەگەیت کە کاتێک پێت دەڵێن نیگەران مەبە، ئەم جارە جیاوازە، ئەندازیاری دارایی نوێ چارەسەری کێشەکانی سیستەمەکانی پێشووی کردووە. یان نەزانن لە شەوازەکە یان هاوکارن لە جێبەجێکردنیدا. تەدەگەیت کە ٥ بۆ ١٠ ساڵی داهاتوو وەک ٣٠ ساڵی ڕابردوو نابێت. میکانیزمەکە خەڕا دەبێت. قەرزەکان ناتوانرێت بدرێنەوە. دراو بەردەوام بێنرخ دەبێت. ئلیتی دارایی پێشتر ئامادەیە. پرسیارەکە ئەوەیە کاتێک شەوازەکە بە ڕوونی دەیبینیت و تەدەگەیت لە کاتی ڕاستەقینەی خۆیدا ئایا بەیارە حەتمییەکە لەبەرچاو دەگریت.

ئەمە پێشبینی نییە، ناسینەوەی شەوازە. هەمان میکانیزم کە سەرمایەی بەریتانی گواستەوە بۆ ئەمریکا لە سەدەی ١٩، هەمان میکانیزم سەرمایەی ئەمریکی گواستەوە بۆ ئەڵمانیای قایمار پێش ڕووخان، هەمان میکانیزم سەرمایەی لە ئەمریکا گواستەوە کاتێک بڕیتان وودز شکستی هێنا ئەستا سەرمایە دەگوازێتەوە بۆ چین. لەئەستادا سیاسەتمەداران مشتومە لەسەر باجکان دەکەن، لە کاتێکدا ناوەندەکانی گەڵان مشتومە لەسەر ستراتیژییەکانی کۆتایهێنانی پەیوەندەکان دەکەن، لە کاتێکدا میدیا سەرقاڵی ئۆگەری جەنگی بازرگانییە، وال ستریت پێشتر بەیاری داوە ١.٤ تریلیۆن دۆلار بگوازێتەوە، شەوازەکە هەرگیز شکستی نەهێناوە لە تەواوکردنی خۆی، سە چارەکی جێبەجێکردنەکەی تەواو کردووە.

ئەگەر دەتوانیت تێبگەیت لە داهاتوودا چی ڕوو دەدات، ئەگەر دەتوانیت بزانی چۆن قەناغی کۆتایی ئەم شەوازە تەواو دەبێت، ئەگەر دەتوانیت ببینیت چۆن گواستنەوەکە لە سەرکردایەتی دارایی ئەمریکی بۆ چینی کۆتایی دێت، پەیوەستە تێبگەیت چۆن ماشێنەکە دروست کراوە. پەیوەستە ژێرخانی دامەزراوەیی ببینیت کە ئەم گواستنەوەیە ئاسان دەکات. پەیوەستە ناسینەوە بکەیت کە هەموو بڕگە مێژووییەکان ئاماژە بۆ هەمان ئەنجام دەکەن. دانیشتووان دراوەکە دەگۆڕن کاتێک نزیک دەبێتەوە لە سفر. لە کاتێکدا دروستکەرەکانی سیستەمەکە پێشتر سامانەکەیان گواستووەتەوە بۆ ناوەندی هەزی داهاتوو. ئەوە

شەوازەکەیە، ئەو میکانیزمەکەیە، ئەو ئەوەیە کە ئێستا ووە دەدات لە کاتێکدا هەموو کەس سەیری شانۆی سیاسی دەکات و گواستنەوەی سیستەماتیکی سامان لە پشتەوە لەدەست دەدات.

سەرچاوە:
https://www.youtube.com/watch?v=cDg7oTNbGfg

ئەوەی بە ئایندەی سیاسی دەڵێن گرینگە..!.. جوتیار

ئەوەی لە دەڕاقا دەگوزەرێت، بە تەنها ململانێیەکی سەربازیی دابەو نییە، بەڵکو بەشێکە لە نەخشەیەکی سیاسیی گەورەتر، ئەمە باشمان لەبیرە کە دەڕاقا و پێڕە سەربازی و سیاسیەکەی لە ساتی هەوەشانەوەی وەاتێکدا سەریهەڵدا کە یەکێک بوو لە نمونە بەهێزەکانی ناوەندگرایی دەوڵەتوو نەتەوەپەرستی لە ناوچەکەدا، لەگەڵ هاتنە ناوی سوریا بە شێوەی ناوخۆ، کورد و گروپە ئێتنیکە جیاوازەکانی تر خێیان دەکخست بە پێکهاتەیەکی سیاسی ئەتەنەم کە دواتر بە (ئیدارەی خۆسەری باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا) ناسرا. ئەو پێڕەیە زیاتربوو لە تەنها یەکخستنەکی بەرەوبەری، بەڵکوو هەوڵێک بوو بۆ دروستکردنی مۆدێلێکی جیاوازی سیاسی لەو ناوچەیەدا، کە بە بروای من ڕێک ململانێکانیش لە دوای ئەو هەنگاوەوە دەگەکانیان قولتربوونەوە.
خاڵی چارەنووسازی بۆ کوردانی ڕۆژاڤا تەنها شەڕو و ڕووبەوبونەوەی سەربازی نییە، بەڵکو هەڕەووبونەوەی دیدگاو بیرکردنەوەیەکیشە کە ئیدولۆژیای ئیسلامی داعشییە، ئیسلامی داعشی ئەو ئایدۆلۆژیا مترسیدارەیە کە هەوەدەدات کەمەگا بەتەواوی ملکەچ بکات بە نەرمەکانی ئیسلام و خەلافەتی ها. دەوڵەتی سوریای بەر لە جەنگوو لاوازبوون و ڕوخانی ئەسەدەکان، دەوڵەتێکی مەرک ئیسلامی نەبوو ، بەڵکو نمونەی بەهێزی شۆڤێنی نەتەوەیی عەرەبی بوو، دەوڵەتێکی مەرکەزی پاوانخوازو توتالیتاری بوو ، بەتام لە ناو هاوکێشە تازەکاندا هەردوو مۆدێلی تۆتالیتاریزمی ئایینی و شۆڤێنیەتی نەتەوەیی تاکەو هاوتەریبن لە دەستەاتوو لە حکومەانیدا، کە

هەردووکیشیان خاوەنی یەک ئامانجی هاوبەشن ئەویش قەتیسکردنوو لە قاپبدانی ئەزموونی کوردو ەەژئاقایە.
من ەەژاقا وەک ئەزمونێک دەبینم کە لە بەرامبەر چەند جەمسەرێکی ئاراستەکراوی فشاردا گیری خواردوە، ئیسلامیزم کە دیاردەیەت فرەچەشنی و بەها مرۆیەکان بنبەر بکات، وە هەروەها دەسەاتێکی سەنتەالی بە عەقلێکی شەقڵنیانەی عەرەبی، لە لایەکی تریش شەقڵنیزمی تورک، کە هەمووپان لە پێوەست بە داهاتوی ەەژئاقا خاوەنی یەک سیاسەتوو ستراتیژی هاوبەشن.
ئەوش ئەوەمان پەدەەیت کە ئایین و ناسیۆنالیزم وەکوو دوو ئامراز کەکتەلکەراون لە خزمەت باەادەستی و پاوانخوازی و داگیرکاری سیاسیدا.
ئەوەی پەی دەگوترەت دەوەەتی ئیسلامی (داعش) ەادیکاەترین دەرکەوتنی ئەو ئاەوگەە سیاسیە بوو لەو سەردەمەدا کاتێک ئایینیان گەی لە عەقیدەی تاکەوە بە عەقیدەی دەوەەتوو دەستەاتداری ، لەوەدا بەبەهاکردنی مرۆقوو سەرکوتو کوشتاری بە کەمەە نێک تەنیا لە ەووی سیاسییەوە بەکو لە ەووی ئایینیشەوە ەەوایەتی پەدراو کەمینەکان بە شەویەکی سیستماتیک جینەساید دەکران، گەشەگیری و ژەردەستەییان لەسەر فەرز کرا، ژنان و کچان کران بە کەیلە و کەمەگا بەپەی بنەما دەگماتیکە ئایینیەکان دووبارە داەژرایەوە.
ەەژاقاو هەکەوتە جیەپەلیتیکەکەی بە وردی لە نەوان ئەو سیستەمە ستەمکاریانەدا هەکەوتووە کە بە بەردەوامی لە ژەر فشاری دەستەاتی ئەحمد شەرع و گروپە ئیسلامیە جیهادیەکانی ناو سوپای عەرەبی سوریا و پەکهاتە خەکیەکانی ناوچەکەو ئەکتەرە ناوچەییەکانی دیکەدایە. ئەو هەکەوتە جیەگرافیە ئاەزە ئائەمنییەکی هەمیشەیی دروست دەکات کە تێیدا ئەزموونە سیاسییەکان بەزەحمەت دەتوانن بە شەویەکی بەردەوام تێیدا گەشە بکەن.
هەرەمەک کە هەوڵی دامەزراندنی مەدەلەکی سیاسی فرەیی و تاەادیەک مەدەنی دەدات، بە پەکهاتەگەلەک دەورە دراوە کە یان لە ەووی عەقیدەیی/جیهادی ئایدیەلەژییەوە یان پاوانخوازانەی نەتەوەیی و فاشیستیەوە ەەگری لەدەکرەتوو دژایەتی دەکرەت،
لە هەردوو حاەەتەکەشدا دەستەاتی ەەژئاقا دەکرەت ەەڵی خۆی وەک سوبەکتەکی سیاسی لە بەرامبەر ئامانجە درەژخایەنەکەی لەدەست بدات.
بە کورد لە ەەژاقا، ئەوە ەووبەووبونەوەیەکی دوو لایەنە دەخاتە ەوو، دەبەت لە یەک کاتدا هەم بەرگری لە ئاسایش و بوونی سیاسی خۆیان لە بەرامبەر هەڕەشە سەربازییەکاندا وهەروەها لە بەهای مەدەلە سیاسیەکیان لەسەر بنەمای بیروباوەەکی سەکولار و مرۆیی بکەن، هەرچەندە ئەو تەحەدیانە لە ژینگەیەکی ئاوها ئاەزی

کۆمەڵایەتی و تۆڕی بە دیدگا سیاسیە تاریکە جیاوازاکان ونەتەوەیی کۆنسێرڤاتیڤەکان، سەرچاوەیەکی بەردەوامی ململانێ دەبێت بۆیان.
ئەگەر سوریا بیەوێت سەقامگیرییەکی درێژخایەن بەدەستبهێنێت، دەبێت لە ئیرادەوەهمەجۆری ئەو ستاتۆ سیاسیە و مەدلۆل خۆبەرێوبەریای کوردی ڕۆژئاڤا بگرێت، ئەگەرنا هەر قەناغێکی ئارامی و بەدەنگکردنی چەکەکان تەنها وەک پشووێک لە نێوان ململانێ نوێیەکاندا دەمێنێتەوە، سەقامگیری ئاستەقینە لە سوریا تەنها کاتێک مومکین دەبێت کە فرەچەشنی نەک وەک مەترسییەک، بەکو وەک واقیعێک بناسرێتوو قبوڵ بکرێت.
بە درێژایی چەند ساڵی ڕابردودا لە ڕۆژئاڤا، لەناو شۆڕش و وێرانکاریدا، فەزایەکی سیاسی سەریهەڵدا کە جیاوازێ لە بەشێکی زۆری ئەو شتانەی کە دەیان ساڵە تایبەتمەندی ناوچەکە بووە. ئەو فەزایە کە لە ژێر ئیدارەی خەسەری باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا ڕەکخراوە، سیستەمێکی تەواو جیگیر نییە لە ڕوویی ئاسایشی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە ،چونکە لەژێر فشاری زۆری سەربازیدایە، بەدەست کێشەی ئابوورییەوە دەناڕەحەتە و گرژیی سیاسی ناوخۆیی زۆر بەخۆیەوە دەبینێت. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو لاوازیانە، ڕەبازێک لەوە پتڕەی سندووە کە ئومێدێک پێشکەش بە زۆر کەس دەکات.
بۆیە من پێم وایە ئەو ئومێدە بە کورد نابێت لە ئایدەلۆژیایەکی سیاسیدا قەتیس بکرێتوو بمێنێتەوە، بەکو سەرکەوتن وگەرەنتیکردنی لە ئەگەرەکدایە، ئەگەری ڕەکخستنی کۆمەڵگا لە ئاستی کۆمەڵایەتی و سیاسی ناوخۆییدا، نەک تەنها لە سەرەوە بە سیستەمێکی سەربازی کەنتۆنکراوو ئاراستە کراو.
ئەزموونی حیزبی و دەوڵەتکان دەریاخستووە کە ئەو پارسەندنە چەندە دەتوانێت ببێتە ئالوگۆڕکی ڕادیکاڵ کاتێک ئایدەلۆژیا دەبێتە ئارگومێنتێکی ڕەهاو دەسەڵاتی سیاسی تەواو بەدەستبهێنێت.
ئەوەی کە ئێمە لە ڕۆژئاڤادا دەیبینین، ژنان لە ئاستێکی باڵادا تێکڕا بە ڕەهای سیاسی و سەربازی کراون و خراونەتە ناو پێکهاتە و یەکە ئیداریە جیاوازەکانەوە، بەڵام فرە حیزبی و ئازادی میدیایی لەویدا هەستی پێناکرێت، ئەوە دیموکراسییەکی کامڵ و بەدیهاتوو نییە بە خواستی گەلێکی ژێردەستەی چەندەها ساڵی، بەڵام هەوڵێکە بە بنیادی پێکهاتە مەدەنیەکان و کۆمەڵگایەکی تا ئاستێک دیموکراسی، بە تایبەت لە ناوچەیەکدا کە بە درێژایی مێژووی خۆی لە نێوان کۆمەڵێک ئاراستەی فاشیستی نەتەوەیی و و تونڕەوی عەقیدەی و جیهادی ئاینیدا گیری خواردووە.
هەر لەبەر ئەوەشە کە مەدلولی دەستەڵاتی سیاسی لە ڕۆژاڤادا گرنگییەکی سیاسی تایبەتی هەیە، نەک لەبەر ئەوەی بە کۆموکوییە،

یاخود لەبەر ئەوەی هەموو کۆشکانی چارسەر کردووە، بەکو لەبەرئەوەی لە قۆناغی داهاتوودا هەوبەدات لە ڕووی دامەزراوەیی و یەکسانی سیاسی و وپارتیزیپاسیۆن (بەشداریپێکردن)ی زیاتر لە ناو هەموو کایە جیاوازو سیاسیکاندا بە هەمووان فەراهەم بکاتوو و بەرپرسیارێتی دادوەریکی کەمڵایەتی و سیاسی ناوخۆیی بچەسپێنێت.

من پەم وایە چەبوونەوەی دەسەڵات لە ناو هەژموونی ئایدیۆلۆژی و پۆژە و یەکینە سەربازیکان لەسەر پێکهاتە مەدەنییەکان کابکرێنەوەو پیویستە ئەو بابەتانە پشتگوێ نەخرێن. کەمێگای مەدەنی تەنها کاتێک دەتوانێت بووەنی هەبێت کە ڕێگە بە ڕەخنە بدات و شەفافیەت دادگەری بەهێز بکات و دەسەڵات بخاتە ژێر لێپرسینەوەو، چونکە ئایندەی ئەم پۆژەیە پیویستە بەوەی کە ئایا سەرکەوتوو دەبێت لە بەهێزکردنی دامەزراوە مەدەنییەکان و ڕێگەدان بە فرەچەشنی سیاسی و بنیاتنانی سەقامگیری ئابووری و وە
بە هەمان شێوە توانای مامەڵە کردن لە نێوان بەرژەوەندییە جیاوازەکاندا بەبێ ئەوەی چاوگەو بناغە کەمەڵایەتیە – سیاسیکەی خۆی لەدەست بدات.

ئیسلامی سیاسی وەک پۆژەی دژ بە نەتەوە.. ئەیوب ئەحمەد قادر

بە گشتانەوە بە مەژوو و مەژووی ئیسلام لەناو کورد، ئەو وێنەیەمان دەست دەکەوێت، کە کورد دوای ئەوەی کراوە بە موسلمان وردە وردە هەوێیداوە ئەم ئایینە لەگەڵ فەزای کولتووری و نەتەوەیی خۆی بگونجێنێت. ئەو باسانەی لەبارەی ئەوەی کورد نەیتوانیوە سوود لە ئایینی ئیسلام بە بەرژەوەندی نەتەوەیی خۆی وەربگرێت، تا ڕادەیەک ڕاستی تێدایە، بەڵام لەوبارەیشەوە بەخەم دانەنیشتووە. واتە کورد هەوێیداوە بیروباوەڕ و کولتوور و ناسنامەی نەتەوەیی خۆی تێکەڵ بە ئایینی ئیسلام بکات و جۆرێک لە ئیسلامی میللییانە دروست بکات. واتە بە تێگەیشتنێکی خەمایانە ئەرک و واجبکانی ئایین جێبەجێ دەکات. بەیەیش دەبینین لە زۆر قۆناغی مەژووییدا پیاوە نەتەوەییکانمان ویستوویانە لە دەرگای ئایینەوە بچنە ژوورەوە و خەڵک هوشیار

بکەنەوە. لە بەری گوتاری مەلاکانیش لەم خولگەیەدا بوون و لە ئاستێکی باڵاتری دینی میللی پتر تەوتێکی سڤیگەری و عیرفانی بووە ناو کەمەگەی کوردیدا. لەبەرئەوە لە قۆناغی پێش دەرکەوتنی خومەینی، زۆربەی هەرە زۆری سیاسی و شاعیر و کەسایەتییە خوێندەوارەکانی کورد دەرچووی ئەم حوجرانە بوون کە لە مزگەوت و تەکیە و خانەقاکان هەبوون. بەیە میراتگری دیوە سمبۆلیکی ئەم جۆرە نوسخەی ئیسلام لە کوردستان پتر یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامە، لە دامەزراندنییەوە تاکو ئێستا سەرکەکانی دەرچووی ئەم حوجرانەن، بە دەگمەن تەکنۆکراوی ئیسلامی تر نین. دەبینین شێخ سەعیدی پیران، سەید عەزا و شێخ ئەحمەدی بارزان و چەندان ناوداری دیکە جۆرێک لەم هەوێنیان هەبووە.

لە دوای شکستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بە گشتی جۆرێک لە ئیسلامی دروست دەبێت، دەبێتە ئیسلامییەکی حیزبی. ئەم جۆرە ئیسلامییە بە ئیسلامی سیاسی ناو دەبرێت. ئەم ئیسلامییە گوتارێکی تەواو ئایدیۆلۆژی و جیهادی هەیە. واتە لە پشت هەر حیزبێکی ئیسلامی، یان ئیسلامییەکی سیاسی، ئامانجێکی سیاسی دیاریکراو هەیە، دەیەوێت لە ڕێگەی ئایینی ئیسلامەوە بگاتە بە کورسی دەسەڵات و یەکەم هەنگاویشی کارکردنە لەبارەی دەروون و هەستی خەڵکی ئاسایی و سادە. ئەم گرووپ و حیزبانەیش لە ڕێگای کەناڵی هادیە و تەلەفزیۆن، مزگەوتەکان و سۆشیالمیدیا و کەی ئامرازەکانی تر دەیانەوێت گوتاری خۆیان باو بکەنەوە. لەڕەدا تاکە بەربەست لەبەردەم پڕۆژەی ئیسلامی سیاسی بریتییە لە پرسی نەتەوە. بەیەیش دەبینین ئێوان لە بەرانبەر هەموو ئەو کارەساتانەی بەسەر هاونەتەوەکانیان لە پارچەکانی تری کوردستان دێت بەدەنگن، یان شەرمنانە قسە دەکەن. بەڵام بەرامبەر غەزە و میانمار و... شوێنەکانی تر هاوڕیان لە هەڵدەستێت. ئامانج لەوێش جوڵاندنی هەست و دەروونی خەڵکە لە ڕووی ئایینییەوە. دەبینین زۆرینەی کەمەکانی ئیسلامی سیاسی لە دۆری بیروباوەڕێکی ئایدیۆلۆژی کەدەبنەوە، کە سنووری نەتەوە دەبڕنێت بە ئاستێ نەونەتەوەیی لەسەر بنەمای باوەڕ بە ڕاستی سەرتاپاگیر و ڕەهای ئیسلام. لەڕەوێیە کە کەمەکە ئیسلامییەکان شوناسی نەتەوەیی هەتدەکەنەوە و پێیان وایە بیری نەتەوەیی نامۆ و دژ بە ڕۆحی ئیسلامە، یەکێک لە ڕەشنبیرەکانی ئەم ڕەوتە بەم شێوەیە پاساو بۆ ئەو هەوڵەستە دەهێنێتەوە "بیری نەتەوەیی کوردی ئاگەر چی دژ بە بیری نەتەوەیی عەرەبی و تورکی و فارسییە لە ئامانجدا، بەڵام هەر لەیەک سەرچاوەو هەڵدەقوڵێت کە بیرکی نا ئایینیی ڕۆژاواییە و هەمان خەسڵەتی بیر و جووانەوە نەتەوەییەکانی عەرەب و تورکیا و فارسە. بەیەیش بەرامبەر هەرشی هاوئایدیۆلۆژیاکانین لە گرووپە

تیرۆرستییەکانی وەک ئەحمەد شەرع (جەلانی) بەدەنگن. هەروەها بەردەوام کار لەبارەی ئەو موسلمانە نەتەوەییانە دەکەن، کە پشتگیری نەتەوەکەیان، بە بیانووی ئەوەی ئەو پیاوە ئایینیە نەتەوەییانە لە ململانێی ئیسلام لایانداوە. بە نموونە بەردەوام هەرشەکی توند دەکرێتە سەر بەڕێز دکتۆر مورشید خەزنەوی، گوایە تاوقە لەگەڵ پشکشکارەکی ئافرەت دەکات و ئەمە بە لادان لە شەریعەت دەزانن. بەیەیش یەکێک لە سەرکردەکانی کەمپی دادگەری هیوا دەخوازێت سیستەمێکی ئیسلامی ئاستەقینە لە سوریا دامەزرێت، کە هەوڵە مەبەستی ئیسلامی سیاسییە، چونکە تاکە ئامانجی ئەوان گەیشتنە بە دەسەڵات، بە ئەم ئامانجەیش ئامادەن هەموو هەڵگایەک بگرنەبەر. وەک ئەوەی ئێستا بەرامبەر ڕۆژئاوای کوردستان دەیکەن، کە فەرمانکە و ئامانجیان قەکردنی نەتەوەیەکە، گوایە ئەوان لادەرن و دژی ئیسلام دەجوڵێنەوە، لە کاتێکدا هەر ئەم ئەحمەد شەرعە واژووری بە ئیسرائیل کردووە خاکی خۆی، لەپێناو دەسەڵات داوەتە ئیسرائیل. بۆیە دەبینین ئیسلامییە سیاسییەکان دژ بە هەر جوڵانەوەیەکی نەتەوەیین، دەبینین ئامادەن خەپیشاندان بە غەزە و شوێنی دیکە بکەن، بەڵام ئامادە نین بە ئەو هێرش و کوشتوبڕەی بەرانبەر ڕۆژئاوای کوردستان دەکرێت هاوەست وەرگرن و تەنانەت بەشداری لە خەپیشاندانەکان بکەن. واتە ئیسلامی سیاسی هەموو هاوەڵێک دەدات بە ئەوەی پڕۆژەی نەتەوە و نەتەوەسازی لەبار ببات، بە ئەمەش تیرۆری فیکری و فیزیکی بەکار دەهێنێت، تووندوتیژی دەکاتە تاکە ڕێگا. ئەحمەد شەرع وەک تیرۆرستێک ئامادەیە بە عرووبە و نەتەوەی عەرەب هەموو شتێک بکات، بەڵام ئامادە نییە دان بە مافەکانی گەلی کورد لە سوریادا بنێت. بەو هەیبەوە کە درگای فتوا و بریاردانی بە هەموو کەسێک کردەتەوە، بە دیان خوێندنەوە و ڕەبازی نوێی تێدا دروست بووە کە بەجگە لەوەی کە هیچکامیان یەکتریان قەبووڵ نیە تەنانەت دژی یەکترن.ب ە نموونە ئیخوانیزم لە ئیستادا دژی هەرشی ئیسرایلە بە سەر غەزە بەڵام سەلەفیزم بەدەنگ و بەخەیاڵە لە ئاست هەموو هاوداوەک. ئەمە بە هاوداوەکانی کوردستانیش هەر دروستە. کەواتە دەبێت هەموو تاکێکی کورد هوشیاربێتەوە، ئیسلامی سیاسی، پڕۆژەیەکە لەسەر بنەمای تیرۆر دامەزراوە و تاکە ئامانجیان لەناوبردنی پڕۆژەی نەتەوەسازییە.

ئەیوب ئەحمەد قادر

ڕەی ژن لە ئاینی زەردەشتیدا، ەژئاوا بە نموونە.. نووسینی: پشتیوان حەمە عەلی سابیر

ئاینی زەردەشتی یەکێکە لە کۆنترین فەلسەفە ئایینییەکانی مرۆڤایەتی، نەک تەنها لە ڕووی باوەڕەوە، بەڵکو لە ڕووی بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤیشەوە. یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە دیارەکانی ئەم ئاینە، یەکسانی و ڕێزگرتنی ژن و پیاوە. لە زەردەشتیەتدا، ژن مرۆڤێکی تەواوە؛ خاوەن ماف، بەرپرسیاری و هەڵبژاردنە، نەک مرۆڤێکی لاواز یان پاشکەی پیاو.

فەلسەفەی زەردەشتی لە بنەڕەتدا لەسەر بیری باش، وتەی باش و کردەوەی باش دامەزراوە، و ئەم بنەماڕەوشتیانە بە هەموو مرۆڤێک، بە جیاوازی نەر و مێ. لە باوەڕی زەردەشتیدا، مرۆڤ خۆی بەرپرسیارە بەرامبەر ڕەگەزی ژیانی خۆی؛ ژن و پیاو هەردووکیان دەتوانن ڕەگەزی ڕووناکی یان تاریکی هەڵبژێرن. ئەم تێگەیشتنە یەکسانخوازە، بنەمایەکی گرنگ بووە بە دروستکردنی وێنەی ژنێکی ئازا، خاوەن بیر و خاوەن بڕیار.

ئەم بیرکردنەوەیە بە چەندین سەدە لە ناو کەلتووری کوردیدا ماوەتەوە. بۆیە ژنی کورد، لە مێژوودا، هەمیشە هاوشانی پیاو بووە، نەک تەنها لە ناو خێزاندا ، بەڵکو لە ناو کۆمەڵگا، فەرمانڕەوایەتی، کار، شەڕ و بەرگریشدا. ژن لە کۆمەڵگای کوردیدا تەنها دایک و هاوسەر نەبووە، بەڵکو پارێزەری شەرف، خاک و ناسنامەیش بووە.

ئەمە وای کردووە ژنانی کورد زۆر جیاواز بن بەراورد بە ژنانی تر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؛ بە نموونە لە زۆر کۆمەڵگادا ژن پاشکە بووە ، کەچی ژن لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا ژن پشتوانگ و پشتوایە. ئەم پشتوانگ و پشتوایەتیە بە شێوەیەکی بەرچاو لە مێژووی خەباتی کورد دا دەبینرێت، کە ژنان شانبەشانی پیاوان خەباتیان کردووە دژ بە داگیرکەران، بەشداری گەورەیان هەبووە، کاری ڕێکخستن و

چەکداریانکردووە ، شەهیدبوونە و زیندانیکراون و لە سەدار دراون..

لە سەردەمی نوێدا، هێزئاوای کوردستان بووە بەرهەمێکی هاوبەشی ئێمە میراتێ مێژوویین. لە شەڕی دژ بە داعش، بە تایبەتی لە کۆبانێ، ژنانی شەڕڤان نەک تەنها بەشدار بوون، بەڵکو بوونە هێزی سەرەکی بەرگری. کاتێک شەڕڤانێکی ئازای ژن دەبینیت بە چەکەوە ئێمە وێنایێ تەنها هەمای شەکرەک نیە و بەس؛ بەڵکو ئێمە ئاوێ دەردەخات کە فەلسەفەیەک بوونی هەیە کە ژن و پیاو بە یەکسان دەبینێت و بە بیروباوەڕی یەکسان پەروەردەکردووە بە بەرگری لە ژیان.

لە ئێستاشدا، لە کاتێکدا تیرۆرستانی سەربە محمد جەلانی و گرووپە تووندڕەوەکان هێرش دەکەنە سەر ناوچەکانی هێزئاوای کوردستان و تاوانی جینۆساید ئەنجام دەدەن، ژنانی کورد دووبارە لە پێشەوەی شەڕدا وەستاون. ئەوان تەنها بەرگری لە خاک و خاکی ناکەن، بەڵکو بەرگری لە فەلسەفەی ژیان، یەکسانی مرۆڤ و رێزی ژن دەکەن.

بەم شێوەیە، هێزی ژن لە ئایینی زەردەشتیدا تەنها بابەتێکی مێژوویی نییە؛ هاستییەکی زیندووە کە لە هێزئاوا و لە ژیانی ژنی کورددا بەردەوامە. ژنی کورد، بە هەی ئێمە میراتێ هزری و کەلتووریەوەیە ، نەک تەنها ژنەکی ئازادە، بەڵکو ژنەکی ئازایە؛ مرۆڤێک کە دەتوانێت ژیان دروست بکات، بەرگری بکات و مێژوو بنووسێتەوە.

نووسینی: پشتیوان حەمە عەلی سابیر

دەرهەق ئێم مەزڵومستانە، هەتە شوقی فێنەری دە.. لەتیف بەوار

نابەکاری وەکوو ئێم جووتە لەعینەتە
نەبووە قەت ئەمە مودەکی مەدید و دەرە

شێخ هێزای تاهیبانی

سەرتان سووڕ نەمێنێت ئەگەر لای هەندێك خۆشتی جەنگ بێت، کۆیلایەتی ئازادی و نەزانین هێز بێت.. هەرکاتێك ئەم بڕچوون و تێبینە ناجۆرەش پەڕی سەند، ئەوا دەبێت وەك فینگشتاین دەڵێت بڵێین: ئەوەی مرۆڤ ناتوانێت باسی بکات، با لێی بەدەنگ بێت.
هەر لەم دەلاقەیەوە کاکی شاعیرو نووسەر (بەندی) درکی بەو قەیرانە خستە کردووە کە ئاستی هۆشبیرێتی و میدیای لوشداوەو دەنووسێت:
"لە زەربەی ڕاگەیاندنەکانی کوردیی ئەمڕۆدا، تەنها ئەو نوسینانەت بە هەیە بیانناسیت کە کاکی سەرنووسەر بە دەقتیی و زمانحاڵی حیزب و ئایدیۆلۆژیاکەیەتی، واتا ئەوە هۆڕنامە نییە، بەڵکو دیوەخانی حیزبێکی بنەماڵەییە، یان هۆپەکێیەکی خزمانە بە یەك ئاماستە و یەك ڕێتمە و .. ئەوەی وا نەبێ، ئەبێ دەست بەربدات".
کەواتە هەر لە بنەڕەتترین پرسیارەوە کە لە فەلسەفەی دەکەین بەوەی لەم گەردوونە مەزندا بڕچی شتانێك هەن لەبەری هیچ؟ کە وەڵام دەمی گە ناکات بە بەرسڤ، تا ئەوەی لە یەکێك دەپرسیت نیەڵە چیت خواردووە؟ هەموو ئەمانە بنەمای هۆشیاریی و تێگەیشتن و مەعریفییان هەیە کە لەسەریان بنیاتنراون، پێویستە بە ئاستی خەمۆکانی پرسیارکار.. ئەی ئایا ئەگەر کەسێك دوژمنی خۆی بێت چۆن چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێت ببێتە هاوڕێیەکی سەراستی ئەوانی تر؟ بە چێشنی ئەو باندەیەی کە هەر لە قۆفزدا ژیا بێت، چۆن لە مانای ئازادی و باگرتن و هەڵفرین تێدەگات؟ هەر شەڕشەکیش لەسەر بنەمای مەوزوعی و دروستە دانەکوترابێت، ئەوا میللەت لە ستەمەوە بە تاریکایی دەگوزەتەوە، ئیدی وەك گوتراوە: نەهامەتییەکە لە ستەمی ستەمکاراندا ناوەستێت، بەڵکو لە بەدەنگی هەق ویستاندا زیاتر جەرگبڕە.
جان جاك ڕۆسۆ ئاسا بە بینینی ئەو هەموو ستەمە، دەبێت دڵی خەمان بە بووڕانی دەزخ بدینەوە بە ستەمکاران.
ئەم هەوێستە و ئەزموونانە زۆریان دەربارە گوتراوەو نابێت لێرەدا زیاتر دووبارەیان بکەینەوە، جگە لە بەرکەوتنی ئەو ئاکامەی بەناپارت کە دەڵێت:"ئەوەی خیانەت لە نیشتیمانەکەی دەکات و دەیفرۆشێت، وەك ئەو کەسە وایە پارەی باوکی بدزێت و بیدات بە خواردن بە دزان، ئیتر نە باوکی لێی خۆش دەبێت و نە دزەکان پاداشتی دەدەنەوە".
ئەمانە ڕاستی مەژووین وئەوەی بەسەر ئەمەدا هاتووە لە جەرکی جیاوازەو جگە لە ئەمە نابە، وەك خۆتان لە کۆپلەیەکدا نووسیوتانە کە ئەزموونی کردووەو تەحەمولی کردووە؟
بە بە نان و ئاو هەر نامرێ..
سە چوار مانگ موچەی نەدێتە ،

بە خەم و دەی گرد ناگرێ..
زاریشی هەیە و ناڤێ
باڤیشی هەیە و نافێ
کاکە بەندی! سەیر نەبێت بەلاتانەوە ئەگەر هەرماپەڕکت بەدەستەوە مابێت تیایدا بنووسیت، کە لە عەقیدەتی حیزب و خێزان ژگاری بووبێت، مەگەر نازانیت ئێستا دژگا ڕۆشنبیریەکانی کورد کارەندیی موچەخۆری دەوڵەتیی بەڕێوەیان دەبات، جا ئایا موچەکەی دەگەڵتەوە بە وتارێکی تۆ؟ لە کاتێکدا تۆ داوای هیچ پاداشتێکیش ناکەیت، کات و هەوڵ و ئەزموون و فەرهەنگی خێت دەکەیتە قوربانی پاشەژی ئەو میللەتە و نەك نرخیشی نازانرێت بەڵکو دەرگایان لەسەر دادەخرێت، چونکە سیاسەتی بەاوکردنەوە چووەتە ناو سیستەم و پرۆژەی دەسەڵاتەوە بە وەندە بیست ساڵ پێش ئێستا ئازادی نووسین و ڕا دەربڕین و ماف‌کانی مرۆڤ باشتر بوون.
مەگەر هەمیشە هزرڤانێ ڕاستەقینەکان بەو جۆرە نەبووون و هەقیقەت هیچ کەسێکی لەدەوریان نەهێشتبووە؟ بەڵام لەسەر ڕێ لایان نەداو خۆیان نەچەماندەوە بە ئەو تەوژمە تاریکەی هەموو زەبرو زەنگێکی بەکاردەهێنا لە پێناوی سەرکوتکردنی هەقیقەت و ڕاستی دا و گرتنی بەری خۆر بە بۆژنگ
مەگەر نازانیت خوێنڕانێکی زۆری بەدەنگ هەن باش دەزانن، کە تۆ و ئەو کەسەی بابەتەکەی تۆی دەچێتە بەردەست تا بەاوی بکاتەوە زەمین و ئاسمانتان بەینێ، تۆ کە ئازادی و بە بڕانبەر دەنووسیت، کە دەبێت تەنانەت لە لایەنی وێژە و ڕۆشنبیریشەوە ئەو دەگاتە ئاستی ئەفراندنی خامەکەی ئەو؟ چ جای ئەوەی جورئەت بکات بەاوی بکاتەوە؟ تۆ سی و پێنج ساڵە دەناسێنیت لە دەرەوەی زمان و مێژوو و جیهان و یاسا، ئەوان دەڵێن: ئەمە نەبین ئەو نابن، خۆیان کردووە بە لازم و مەلزومی گەلی کورد، زۆریش بدوێیت بە مانیفێستی شێش و قەیسەر کەلەپاچێت دەکەن، هەر خێت لەسەر زاریانەوە ئاوها لە کەپلەیەکدا دەنووسیت : –

ئەمە لە پشت وەنەی کتێبخانەکانەوە،
نەخوێندەواریی خەمان ئێشارینەوە..
لە پشت تابلۆی ڤان کوخ و پیکاسۆوە ،
بە هونەریی خەمان ئێشارینەوە..
وەکو چۆن براکوژییمان لە پێشمەرگایەتیدا چاند..
وەک چۆن لەسەر پارێی گومرک ،
خوێنی هەزارانمان ژاند
*

ئەم کەمکوژیی و کەمدزیی و کەمکەیلەییمان،
لە پشت وشەیکی سەقەتی
پە لە هەڵەی چاپ و لێژیکی
دیموکراسیدا مات داوە..
*
ئەمە کوردکوژییمان لە پشت ناوی
کوردایەتیی و ئەی ڕەقیبا، حەشارداوە

بەداخەوە ئەمە نەك بوکانی خرۆشان و پڕشینی گەل و چینی ڕۆشنبیران بە دادو ڕاستی کپ بووەتەوە، نەك نووسین و خوێندەواری و هەقیقەت ڕەواجی نەماوە، نەك هەندە دەنووسرێت و کەس نایخوێنێتەوە هەوەست وەرناگیرێت، بەکو ئەم هەقیقەتانە لای خۆشیان ڕوونە و ئەوان بە حوکمی پارەی قاچاخی خوێن و نەوتی تە سوپایەك لە کێڵەو بندیوارو سیخووە دەڵەوەنن و پاشەڕۆژیان پەوە گرەداون، سوپایەك لە گەزیرو چەقە وەشێنی دوور لە هەست و سەزی مرۆڤایەتی و کوردایەتی، نازانن ئەم شەپەڵە لە کوتاییدا هەمووان بەرەو خنکان دەبات، وەکو ئەو سەرنشینەی لە کەشتییەکدایەو جێگەکەی خەی کون دەکات و دەڵێت ئەوە کاری ئەوە نیە من جێگای خەم کون دەکەم. وردە وردەو ڕۆژ بە ڕۆژیش خەڵك زیاتر زیندانی دەکرێت لە ژینگەیەکی گەورەدا کە دارو دیواری بە تام، بووەتە کامەرای سیخووەی و لایەنە هەسمییەکانیش نازانن کە سەیریان دەکات و سەنتەرەکەی لە کوێدایە؟ وەکو ئەوەی هەموو میللەت دوژمنیان بێت، بە بیانووی پاراستنی ئاسایس لە کاتێکدا ئەوە میللەتە ئاسایسی پاراستووە. خەڵك لە ئاپارتمانە بە بەرنامە بەندەکاندا دەخزێنرێن و وەکو جوجەڵە دەرگایان لەسەر کەڵەم دەدرێت، هەزاران خانەوادە موچەی خوێنی خوێنی کوژراوەکانیان لە جێنگەکانی ناوخەدا وەردەگرن و مانەوەی خەیان بە مانەوەی ئەوانەوە گرێ دەدەن. ئەوەش کە نووزەیەکی لێوە دێت تا ئەوپەڕی سنوور تەنیا داکەکی لە مووچەو مافە دارایییەکانی خەی دەکات، وەك ئەوەی ئەوە بنەڕەت بێت و شتەکانی تر لاوەکی بن، مەگەر ئەو مووچە پاشکەوتکردنە هەر بەرەنجامەکی بگەنبووبێ سەری ماسییەکە نییەو ئیدی سەرجەم لاشەکەش بە دوایدا بگەن دەبێت؟ ئەو کەڵەکە بەردە ڕۆژك هەر دەمێت بەسەرماندا و تەش کاکە بەندی و نموونەی تە سەربەرزن کە خامەکەتان نەفرۆشتووە، وێژدانت زیندوو و ئاسوودەیە، ئەگەر هەر بە خۆشت نووسیبێتت کێت نداوە، بەڵام دەنیا بە کەمەکی زەر لە چینی فلیقاوە هەن بە دزییەوە بابەتکانی تە دەخوێننەوەو وەکو موفەك هەیدەگرن و بزەی شادی دایاندەگرێت، دەنیا بە ئەم زەمانەش دەبوورێت و دواجارهەڵهەڵەی مەخلوق دەگۆڕێت

بە وڵوڵە لە دەوری نەعشی هەموو پەپۆلیزمکی ستەمکاردا، دنیا بە دەستات ناکۆتە دەستی تۆو هاوبیرکانت چونکە بەوات بە ستەم نییە، مانۆی سەر ئۆو کورسیش ئۆو دەخوازێت، چونکە ئۆو هەشووتی قوربانیان بە دەدیت دواجار دەڵێن: غەشیم بوو بە کی کرد؟ تا هەوەست و تێگەشتنی زرینە ئاوها بمێنتۆو هەر دەبێت بەیەن سەد رەحمەت لە کفن دزی پەشو،پەشینان جوانیان گوتووە: مەنجەڵ سەرقاپی خی دەدزێتەوە. کەواتە گەڵانکاری ئاستەقینە ئا لەرەوە سەرهەڵدات، لە ناخکاندا، لە بیرو هزرو دەڵکاندا جێگیر دەبێت و ئاکام هیچ بومەلەرزەیەك نایلەقێنێت.
کەتا وشە؛ سوپاسی هەوەستی ئۆو لەردا بیان دەکەم و خوازیارین هەموو خامە بەدەست و بەهرەمەندەکان ئۆو هەچکەیان بگرتبایەو سەرفرازی ناوی خیان لۆو لیستە بێنازدا تەمار بکردایە، کە هەر دەمێنتەوەو دواجار دەبێتە جێی ئاماژەو شانازی.. دەبێت دوای ٣٥ ساڵ لە پاشکەوتن چی بنووسیت؟ کە محەمەد ماغووت لە ٢٠ساڵی جەوردا هەبەستی (خەمباری لە تیشکی مانگ)دا دەنووسێت کە لە کۆپلەیەکیدا دەبێژێت:

بیست ساڵە ئەم دەرگایەکی ئاسنین دەکوتین
باران بەسەر پەشاك و منداڵکانماندا دەبارێ
هەناسەسوار، هەنگ پەیو بە کەکە هەشە
خەمگین وەکو ماڵئاوایی، زەرد وەکو سیل
هەشەبای دەشتودەری ماوەرانکەر
گریەو ناڵەمان دەگەیەنێ
بە کەژان و نانەواخانەو سیخووڕکان
ئەمەش وەکو ئەسپی کەوی لەسەر لاپەڕەکانی مێژوو
دەگرین و هەر هەڵدەلەرزین

بیبلۆگرافیای بیست ژمارەی گۆڤاری زمان و زار

بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن..

Bibliografie20Download

ڕووداوەکانی ئێران.. عوسمانی حاجی مارف

ئێران خەڵکی لە بەردەم شەپۆلێکی نوێی ناڕازایەتی گەرمدا بینیەوە، کە لە دەی ئابوری ڕۆژانەوە دەستی پێکرد، ناڕازایەتیەکان بەهۆی دابەزینی بەهای دراو و بەرزبونەوەی خێرای تێچووی بژێویەوە بووە، کە ژمارەیەکی پەوانەیی شکاندووە.
ناڕازایەتیەکان لە 28ی کانونی یەکەمی 2025، لە دوو بازاڕی گەورەی ناوەاستی تاران دەستیپێکردووە، ئۆشش دوای ئۆوەی نرخی تەمەن بەرامبەر بە دۆلار بە نزمترین ئاستێکی پەوانەیی دابەزی، فشارەکانی هەڵاوسانی توندتر کردووە و نرخی کەلوپەلی سەرەکی بەرزبۆتەوە، هەروەها بەرزکردنەوەی نرخی بەنزین لە سەرەتای مانگی کانونی دووەمدا بەشداری کردووە لە قووبونەوەی ناڕازایەتیەکاندا.
پزیشکیان ساڵی ڕابردوو، هەشداریدا لەوەی کە ڕەنگە بەهۆی کەمی ئاوەوە تەواوی تاران چۆڵ بکرێت، چەند مانگێکە لە یەک کاتدا بە چەند کاتژمێرێک کارەبا دەبەدرێت، کەمی غازی سروشتی- کە کەشێکی گەورەیە بە بەرهەمهێنانی کارەبا- دەسەاتدارانی ناچاردەکرد وەستگە پیشەسازیەکان دابخەن کە بە غاز کاردەکەن و کرێکارانی کارگەکان کەمبکەنەوە، هەروەها بەکارهێنانی نەوت لەبری غاز بە وەستگەکانی کارەبا، پیسبونی شارەکانی هێندە خراپ کردووە، کە زۆرێک لە خوێندنگاکان ناچاربوون زیاتر لە پێنجا ڕۆژ لە ساڵێکدا دابخرێن.
ئێران لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا تووشی گورزی قێرانی ئابوری بەرفراوان هات، داهمانی دراوی پێش ناڕازایەتیەکان، تەنیا ئۆو پێنیە بوو کە پشتی حوشترەکەی شکاند، بەیە تووێیی و ناڕازایەتیەکان بەردەوام دەبن، تەنانەت ئۆگەر ئەمەی ئێستا بەهەر جۆرێک لە سەرکوت و دەخاڵەت دامرکێتەوە، حەتمیە کە لە ئایندەدا سەرهەڵداتەوە، کەماری ئیسلامی شایستەی خەڵکی ئێران نەبووە و نابێت.
بودجەی دارایی ساڵی ٢٠٢٦ کە پزیشکیان پێشنیاری کردبوو، تەنیا خوێی خستەتە سەر بریندارەکانی خەڵکەوە، چونکە دوای سێ ساڵ لە زیادکردنی موچە لەکاتی داهمانی دروای ئێران، داهاتی کرێکاران

بەچەند قات کەمتر لە موچەی ساڵی ٢٠٢٣ شکایەوە، لە هەمانکاتدا ترس لە بەردەوامی ناڕازایەتیەکان، پزیشکیانی ناچارکرد جارێکی دیکە نرخی بەنزین دابەزێنێت، بەڵام هێشتا کەمتر لە سەدا ٥ی ئەو نرخانەیە کە لە وڵاتانی دراوسێدا دەبینرێن. ئێران ئێستا ساڵانە ٦ ملیار دۆلار بۆ هاوردەکردنی بەنزین خەرج دەکات، دیارە ئەو پارەیە دەتوانێت لەبری ئەوە زەرەر بکات بۆ باشترکردنی دۆخە ترسناکەکانی کارەبا و ئاو، هەڵبەتە پێشنیارەکانی حکومەت بۆ چاکسازی لە نرخەکانی ئاوگۆدا ناتوانێت باوەڕبکراوبن، تەنها سودی بۆ کەسانێکی دیاریکراو دەبێت لە بازاڕدا، لە هەمان کاتدا کورتکردنەوەی ئەو سندوقەیان کە بەیار بوو قەرەبووی ئێرانیە ئاسایەکان بکاتەوە بۆ تێچووی زیاتری کاڵاکان سەرکەوتونبو، بەیە سەیر نییە کە شەپۆلی ناڕازایەتیەکان، تێشنە بکات و فراوانتر بێت، ژیانێک نەتوانێت ئاو، کارەبا، هەوای پاک، سووتەمەنی، یان کرێی باوەڕپکراو دابین بکات، ناتوانێت پێداگری لەسەر بانگێشەی لەهاتویی بکات.
کاتێک بژێوی ژیان دەوخێت، زەرەلە دەبێتە ئامازی سەرکی مانەوەی ژێم، بەڵام ئێستا سەرکردەکانی کەماری ئیسلامی هوبەوی واقیعێک دەبنەوە کە سەرکوتکردن چیتر توانای گەیاندنەوەی سەقامگیری دۆخەکە و قەیرانی ئابووری نیە، ئەم کێشەیە هەر بەردەوام دەبێت تا ئەگەر ناڕازایەتیەکانی ئێستاش کۆنترۆڵ بکرێن، کە بە جۆرێکی زەر مەترسیداری کوشتاری بۆ کەمڵ ناڕازایەتیکانیان دامرکاندتەوە.
دروشمەکانی نەو ناڕازایەتیکان لە هەندێک بواردا فراوانتر بون، داواکاریە سیاسیەکانیشی لەخۆگرتووە، چونکە فشارە ئابووریەکان هاوکاتن لەگەڵ هەستکردن بە بێهیوایی، ئەگەری ئەوە هەبو ئاراستەی ناڕازایەتیەکان بەرەو کۆتایی ژێم بروات.
سیستەمی ئاسایشی ناوخۆی ئێران کە لەنگەر گرتووە لە فەیلەقی سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی، یەکەکانی بەسیج، یەکێی پاسەوانی تایبەت کە بەشێکە لە فەرماندەیی پۆلیسی کەماری ئیسلامی ئێران، هەروەها ئامادەکرنی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی عێراق بە کاتی پێویست، کە ئاستەوخۆ لەلایەن ژێمی ئێرانەوە سەرپەرشتی و پشتیوانی دەکرێن.
تا ئێستا درزی گەورە لەناو ئامێری سەرکوت و زەرەلەدا دەرنەکەوتووە، کارەندانی پلە باڵاکانی IRGC و بەسیج هیچ دووددڵیەکیان نیشان نەدا لە تەقەکردن بۆ کوشتن، دوای ئەوەی عەلی خامنەیی فەرمانی سەرکوتکردنی خۆرای دەرکرد، کە مەزندەی کوشتارێکی بۆ شومار دەکرێت، ئەمش کاریگەری لەسەر خاوبونەوەی ناڕازایەتیاکان داناوە.

بەڵام ئەوە ڕوونە کە توندکردنەوەی سەرکوت لەدژەخەکی ناڕەزایەتی زۆر فراوانتر نیشاندەری لاوازیە، لە کاتێکدا پەرەسەندنی ناڕەزایەتیەکان کەماری ئیسلامی وەها هاتۆتەکاند، ڕژێم هەستی بە ناچاری کرد کە تاکتیکی قوربانی بەکەمەوە بەکاربهێنێت، کە هەشتا ژمارەی کوژراوەکان ئامارێکی ڕوونی نیە، کە باس لە چەندین هەزار و دەهەزار دەکرێت.
لە هەماهنگتدا خزمەتگوزاری ئینتەرنێت و مۆبایل و تەلەفۆنی زەمینیشی کردۆتە ئامانج، کەماری ئیسلامی مژوێکی بەوێنەی کارەساتی قیزەونی کوشتاری بەکەمەوە دانیشتوانی ئێرانی تەماکرد.
ڕژێم توانیویەتی لە قەیرانەکانی پێشوودا ڕزگاری بێت، ئێم جارەش بەو دڵنیاییەی پێادەی کرد، کاریگەری دانا لە کپکردنی ناڕەزایەتیەکان، بەڵام تووڕەیی خەڵک لە دەسەڵاتی کەماری ئیسلامی وەها قووڵتر بۆتەوە و قەشتی دروست کردووە، کە هەر ناڕەزایەتیەکی دواتر، بەبێ گیانی تەڵە سەندنەوەی توند لە ڕژێم تێناپەڕێت.
هەر بەهانەیەک دەیهێنێتەوە بۆ ئەو دڵنیاییەی بەرامبەر دانیشتوان کردیان، بۆ ناوی دەخالەتی ئەمریکا و ئیسرائیل و هەوادان بۆ هەڵگیرسانی جەنگێک، ناتوانن شەرعیەتی ناوخۆیی بگێنەوە، یان دامانی ئابووری پێچەوانە بکەنەوە، هەروەها ناتوانن ئێران لە پارچەپارچەبون و ئۆگری هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ بپارێزن، دانیشتوانی ئێران لەیان خۆش نابن.
هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ، ئەو سیناریۆ کارەساتبارەیە کە دەخی سیاسی ئێران دەباتە ئاستێکی باڵاتر لە ناجێگیری و گۆڕاوی سیاسی، لە هەماهنگتدا بەرزبونەوەی ئاستی بەشێک لەو لایەنانەی تیا هەڕەکەوت، کە دەیانەوێت بە هەزی چەک و شەڕی ناوخۆ ناڕەزایەتیە جەماوەریەکان بە لادا بەرن، ئەو ئاراستەیە لەنەو خۆپشاندەراندا بینرا، کە هەندێ لایەنی نابەرپرس بۆزیانی خەڵک، ڕێزەکانی خەڵکی ناڕازیان بە چەک بارگاوی کرد.
گومانی تیا نیە کە هەڕەشەکانی ترەمپ و هەرشی ئاسمانی ئەمریکا و هاوپەیمانان و لادان لە بنکەی سەربازی و شوێنە پێشسازیەکانی ئێران، تا هەڵگیرسانی شەڕ بە ڕوخانی کەماری ئیسلامی، بەناوی فریاکەوتنی خەڵکی ناڕازی، جگە لە تێکدانی ئامادەیی بەرفراونی ناڕەزایەتیەکان و وڵاتانی خەڵکی ئێران لە دیاریکردنی چارەنوسی خۆیان، نەک هیچ ئاکامێکی ئەرێنی بە قازانجی ناڕەزایەتیەکان و ئاپۆین ناداتەوە، بەڵکو ئەمریکا دەیەوێت دەستتوەردان بکات بە بەرژەوەندی دۆر و دەخالەت و نفوزی کۆنەپەرستانەی خۆی لە ناوچەکەدا، لەهەماهنگتدا هەوێدات ئێران لە پەیوەند بونی بە

روسیا و چینەوە دابڕێت.
هەر پەیوەندیەکی دیپلۆماسی ئەمریکا لەم دەخەدا لەگەڵ تاران بەستنەوەی ئێرانە بە ملکەچ بونی بە نەخشەو سیاستەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، لە هەمانکاتدا هەوڵدان بۆ بادەستی ئیسرائیل بەسەر ناوچەکەدا، ئەو نەخشەو سیاستەیە، کە وەک بەشێک لە ئاراستەی ئەمریکا دەناسرێتەوە، تا قۆناغێک بە ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جێگیر بکرێت، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە نیازی ئیسرائیل پاکتاوکردنی دەوری ئێرانە لە ناوچەکەدا تا کۆتایی هێنان بەکەماری ئیسلامی.
گوشارەکانی ئیسرائیل بۆ سەر واشنتۆن چیتر نهێنی نین، بژاردەی ڕووخاندنی ژەمی ئێران بۆ ئیسرائیل تا ئێستا لەسەر مێزە، کە ئامانج لێی نەک تەنیا تێکدانی توانا ئەتۆمیەکانە، بەڵکو تێکشکاندنی تاران و ترسی خەڵیسکاندن بۆ شەڕێکی نوێ هەیە، ناتانیاهۆ، داوای لە ترەمپ کردووە شەڕێکی لەو شێوەیە دەستپێبکات.
ئەمریکا پێی باشە سیستمی سیاسی ئێران بگۆڕێت، بەڵام لە ڕێگایەکەوە کە دووربکەوێتەوە لە دەستوەردانی ڕاستەوخۆی سەربازی، لە هەمان کاتدا دیدەوانێت لایەنێک دەسەڵات لە تاران بدەستەوەبگرێت، گوێ لەمستی خۆی بێت وبگونجێ لەگەڵ دروشمی "ئەمریکا یەکەم".
بۆ نمونە هەوڵەکانی واشنتۆن بۆ تێکدانی ژەمی ئێران بۆبە ئەوەی تەوگەلێت لە شەڕێکی سەربازی، ترەمپ باجی لەسەدا ٢٥ی بەسەر ئەو وڵاتانەدا سەپاند کە بازرگانی لەگەڵ ئێران دەکەن، وەک ڕێگەیەک بۆ دەربازبون لە بژاردەی شەڕی سەرتاسەری.
لەلایەکی ترەوە دەوڵەتانی کەنداو هەوڵ دەدەن پشتیوانی لە دانوستانەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا بکەن، لە ترسی ئەوەی کە ڕووخانی حکومەتی ئێران ببێتە هۆی شەڕی ناوخۆ، ئەمش دەتوانێت ئاسایشی تەواوی ناوچەکە زیاتر بخاتە مەترسیەوە، لە ئەزمونەکانی ڕابردوودا دەرکەوتووە کە بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل ئاسایشی وڵاتانی ناوچەکە و دانیشوانەکەیان تەواو فەرامۆش کردووە.
لەگەڵ چەبونەوە و خەستبونەوەی ئەو بارگرژیە لە دەخی ئێستای ئێراندا، پەم وایە ناڕازایەتیەکانی ئێستای شەقامی ئێران، لانیکەم لە داهاتویەکی نزیکدا، توانای ڕووخاندنی ژەمیان نییە، بەجیا لە کەپ بونەوەی ناڕازایەتیەکان لە ئێستادا، لە هەمانکاتدا خەپیشاندەران دیدەکی ڕونیان بۆ سیستەمی دەوڵەتی دوای کەماری ئیسلامی نیشان نەداوە، جگە لەوەش ئەو گروپە ئۆپۆزسیۆنانەی کە واشنتۆن پشتیوانیان دەکات، ئەوانەی پەیوەستن بە میراتی شا، نەک لە پشتیوانیەکی بەربڵاوی جەماوەری بەهرەمەند نین، بەڵکو تەمەتبارن بە خیانەت.

دیاردەیەک، کە ئاماژەیە بۆ لاوازی ژەمی ئێران، هەوڵی کردنەوەی کەناڵێکی دانوستانە لەگەڵ ئەمریکا بۆ کەمکردنەوەی گوشارەکانی ئەمریکا و ڕاگریکردن لە هەرشی سەربازی ئەمریکا، کە ژەمی ئێران ترسی هەیە لێدانەکانی ببێتە هەی ووخانی ژەمەکەی.
کەتایی هەنانی ژیمی ئێران، گەر لە ڕاگەی ئەم شپۆلی ناڕازایەتیانەشەوە ئەنجام نەدرا و دواتر گەر کەماری ئیسلامی بیەوێت بە هاوکاری ئەمریکا بمێنێتەوە، دەبێت لە بنڕەتدا پێکهاتەی خۆی بگۆڕێت، کە لانی کەم دەبێت کەسایەتیە سەرکیەکانی کەماری ئیسلامی دورخاتەوە.
ووخانی ژەمی ئێران بە مانای گەیانکاریەکی بەرفراوان لە ناوچەکەدا، کە پێچەوانەی ئەو ساتیە کە کەماری ئیسلامی دامەزرا. ڕاپشتنی ئێران لە کایەی نفوزی ئەمریکا لە دوای ووخانی شا لە ساڵی١٩٧٩دا، نەخشەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەی کەنداوی عەرەبی گۆڕی، لە ئەنجامدا شێوەی درۆژخایەن و جۆری نوێی ململانێی سیاسی لێکەوتەوە. ئەمەش لە ڕاگەی سیاستی ژەمی کەماری ئیسلامیەوە هەوڵی هەژمونی بوو بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام دەخی ئێستا ئەوەی پێچەوانە کردووە کە دەبێتە سنوردارکردن و شکستی گەورە لە کەتایی هەنان بە هەژمونی ئێران لە ناوچەکەدا، کە درندەیی و کەنەپەرستی سیاسەتی دژی مرۆڤانەی ئەمریکاو ئیسرائیل جگەی دەگرێتەوە، ئەو درندانەی تا ئێستا حزبەکانی کوردایەتی مایەیان لەسەر داناوە.

عوسمانی حاجی مارف

ڕەسوڵ حەمزاتۆف.. نووسینی حەیدەر عەبدولڕەحمان

ڕەسوڵ حەمزاتۆف:
داغستانە بجووکە کەی خۆم
نیشانی هەموو جیهان داوە

ڕەسووڵ حەمزاتۆف (١٩٢٣-٢٠٠٣)، ئەو دەنگە ئەفسوناویەی چیاکانی

داغستان و ویژدانی زیندووی ئەدەبیاتی ڕووسی، تەنها شاعیرێك نەبوو کە تەنیا وشەکان لەسەر کاغەز بنەخشێنێت.
بەڵکو ئەو خاوەنی خەیاڵێکی بەرفراوان بوو کە وایکرد بەرهەمەکانی (چ شیعر و چ پەخشان) سنوری کتێبەکان ببڕن و بچنە نێو جیهانی سینەماوە.
پەیوەندی (حەمزاتۆف) بە سینەماوە پەیوەندییەکی ڕووکەش نەبوو، بەڵکو پەیوەندییەك بوو لە نێوان (وشەی زیندوو) و (وێنەی جوڵاو).
سینەماکاران زوو درکیان بەوە کرد کە نووسینەکانی (حەمزاتۆف) پڕن لە دیمەنی سینەمایی، پڕن لە ڕەنگ، دەنگ و هەستی مرۆڤایەتی.
کاتێك باسی فەینی قوڕنگەکان، یان دیمەنی ژنێکی داغستانی، یان چیا سەختەکان دەکات، خوێنەر هاستەوخۆ وێنەیەکی جیاواز دەبینێت، کە پڕە لە دراما، ئەمەش کارئاسانی بە دەرهێنەران دەکرد.
نووسینی سیناریۆ:
(حەمزاتۆف) تەنها سەرچاوەی ئیلهام نەبوو، بەڵکو خەی بەشداری لە نووسینی سیناریۆی هەندێك لە فیلمەکاندا کردووە، یان بەوردی سەرپەرشتی کردوون تاوەکو ڕەحیەتی دڵۆڤ ڕەسەنەکە ون نەبێت.
گێرانی فیلمەکان:
زۆرێك لە شیعرەکانی (حەمزاتۆف) کراونەتە گێرانی و لە فیلمە جەنگی و سەزداریەکانی یەکێتیی سۆڤیەتدا بەکارهاتوون، کە بەناوبانگترینیان گێرانی (قوڕنگەکان) ە.

(حەمزاتۆف) کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر سینەمای سۆڤیەتی و ڕووسی هەبووە، لێرەدا گرنگترین ئەو فیلمانە دەخەینە ڕوو کە لە بەرهەمەکانی ئەوەوە وەرگیراون:

١. فیلمی (کچە چیایی (Goryanka) ١٩٧٥
ئەم فیلمە لەسەر بنەمای قەسیدەی درێژی (حەمزاتۆف) بەهەمان ناو بەرهەم هێناوە.
فیلمەکە باسی کچێکی گەنجی داغستانی دەکات بە ناوی (ئاسیات).
ئەم (ئاسیات) لە ڕووبەڕووی کەمەڕا دابونەریتی کۆن دەبێتەوە و بە تووندی ڕەتیان دەکاتەوە، دڵیانەوە ناچاری بکەن شوو بە پیاوێك بکات کە خەشی ناوێت و لە منداڵییەوە بەی دیاری کراوە (نەریتی بەشوو دانی بەشکە).
(ئاسیات) ئازایانە گوندەکەی بەجێ دەهێڵێت و دەچێتە شار بە خوێندن، ئەمەش ململانێیەکی گەورە لەنێوان دابونەریتی کۆن و ژیانی مۆدێرن دروست دەکات.
یەکێکە لە گرنگترین ئەو فیلمانەی باسی مافی ژنان دەکات

لەکەمینگایەکی وڵك داغستان.

فیلمی (ئەفسانەیەك بە خۆشەویستەکەم) – ١٩٨٧
ئەم فیلمە زیاتر لەسەر بنەمای ئەفسانە و شیعرە مێژوویەکانی (حەمزاتۆف) دروستکراوە و باس لە ئازایەتی پاڵەوانانی داغستان دەکات بەرامبەر داگیرکەران و ستەمکاران.
بەگزادەیەکی دراما (داغستانی من)
ئەم فیلمەکی نوێیە و شێوازێکی دەگمەنی دراما (بەگزادە فیلمی درامی)ی هەیە.
فیلمەکە گێشتکە بنەو ژیان و بیرەوەرییەکانی ڕەسوول حەمزاتۆڤدا، تێیدا تەکنیکێك لە ژیانی منداڵی، فەلسەفەی ئەو بە نیشتمان و جوانییە سروشتییەکانی داغستان دەبینرێت.
دەقەکانی کتێبی (داغستانی من) وەك مۆنۆلۆژ لە سەرتاپای فیلمەکەدا دەبیسترێن.
گۆرانی و فیلمی (قوڵنگەکان)
(قوڵنگەکان) باس لەوە دەکات سەربازە کوژراوەکان نەچوونەتە ژێر خاك، بەڵکو بوونەتە قوڵنگی سپی و دەفڕن
ئەم تێکستە بووە هۆکاری چەندین فیلمی جەنگی ـ کاتێك لایەن (مارك بێرنس)ـەوە کرایە گۆرانی، بووە بەشێك لە ناسنامەی سینەمای جەنگی لە ڕووسیا و لە چەندین فیلمدا وەك مۆسیقای دەق بەکارهاتووە بۆ بەرجەستە کردنی ئازاری جەنگ.
دەرهێنەرە دیارەکان.
حەمزاتۆف لەگەڵ چەندین دەرهێنەری بەتوانای سۆڤیەتی کاری کردووە، کە توانیویانە ڕۆحی نووسینەکانی بگوازنەوە بۆ سەر شاشە، لەوانە:
١. ئیرینا پێپلاڤسکایا
ئەم خانمە دەرهێنەرە ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە لە ناساندنی بەرهەمەکانی حەمزاتۆف بە سینەما. هەر ئەو بوو کە فیلمی (کچی چیایی)ی دەرهێنا.
پێپلاڤسکایا زۆر بەوردی کاری لەسەر وردەکارییەکانی ژیانی داغستان کردبوو، بەجۆرێك حەمزاتۆف خۆی زۆر سەرسام بوو بە فیلمەکە.

2. مۆراد ئیبراهیمبەگۆف:
یەکێکە لەو دەرهێنەرانەی کە سیناریۆی بە بەرهەمەکانی (حەمزاتۆف) نووسیوە و کاری دەرهێنانی بۆ کردووە، بۆتایبەت لە فیلمە نوێیەکاندا کە هاوێیان داود لایەنە فەلسەفییەکەی حەمزاتۆف دەربخەن.
3. تەنگیز ئەبولادزە

دەرهێنەری گەورەی جەرجیا ئۆگەرچی ڕاستەوخۆ هەموو کارەکانی هیچ حەمزاتۆف نین، بەڵام شێوازی ڕیالیزمی سیحری لە فیلمەکانیدا زۆر نزیك بووە لەو کۆشەی حەمزاتۆف لە کتێبی (داغستانی من) دا دروستی کردووە.
بە گشتی ئەو فیلمانەی لە بارەمەکانی حەمزاتۆفەوە دروست کراون، چەند تایبەتمەندییەکیان هەیە:
دوورن لە دروشمی بریقەدار، نیشاندانی ژیانی خەڵکی سادە، شوانەکان، ژنانی چیا
لە پشت هەر چیرۆکێك پەندو عیبرەتێك هەیە، پەیوەندی بە سروشتی چیاکان، هۆزەکان، ئەسپەکان و ووبارەکان بەشکن لەکارەکتەرەکانی فیلمەکان
پەیوەندی نێوەوە حەمزاتۆف و سینەما، پەیوەست بوو، بەجیهانیکردنی کولتووری داغستان.
سینەما بووە هەی ئەوەی ئەو داغستانە بچووکەی حەمزاتۆف هەمیشە باسی دەکرد، ببێتە جیهانێکی گەورە و هەموو مرۆڤایەتی ببینێت.
ئەو سەلماندی کە دەکرێت شیعر تەنها وشە نەبێت، بەڵکو ببێتە ووناکی و وێنە لەسەر پەردەی سینەماکاندا.

غەیب.. هێناوەی: ئامانج شێروانی

بەبیرم دێ،
کە منداڵ بووم
دایکم دەیگوت
هەر خودا بە خەی دەزانێ
سبەی، دووەی
چی ڕوودەدا

بەبیرم دێ،
کە زارۆ بووم
مەلای مزگەفتی گەڕەکە

دەیقیژاند و
پێی دەگوتین
هەر ئەو بەختی
کەسی تر نا
دەزانێتن کەرپەلەی نەو
سکی دایکە
چلەن دەبە
چاوا دەکا سەر و سەودا

لە فەرگەشا
مامەستاکەم
پێی دەگوتم
جگە لە خەی
کەسکی تر پێی پێنابا
جارکی تر
باران لەکەندەر دادەکا

ئێستاش گەورەم،
باش دەزانم،
نە دایکم ەاستی دەکرد و
نە مەلاکەی گەکی مە و
نە مامەستا

ئەمە کوردین،
چاک دەزانین
نەک هەر سبەی
ساەکی تر
چی ەوو دەدا

عارەبکی پەپەتییە
تورکەکی ئالی عوسمانە
فارسەکی پەهلەویە
یا داعشەکی جەلانە

ئەمە و سبەی
ساەک دووان
یەک لەدوای یەک
دەنە سەرمان

ئەمیان لالش وەران دەکا
ئەویان سەرمان دەپەڕێنێ
ئەمیان کەزیبەک قوت دەکا
ئەویان منداڵ لێ گەڕێ دەنێ

هەر چی کوردێ
ورد و درشت
دەزانێتن هەموو ڕۆژێ
لە ئاسمانی وەلاتێ مە
«لەجەی باران
خوێن دەبارێ»

نەک هەر زانا،
منداڵی کوردیش دەزانێ،
سکی هەموو دایکێکی کورد،
منداڵێکی بەشخوراو و
تامەزرۆی ئازادی
دەنێ